
سوپای ئیسرائیل هەرشیکردەی سەر ئامانجەکانی حزبوڵا لە چەند ناوچەیەکی لوبنان



وتەبێژی سەربازی ئیسرائیل رایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ زنجیرەیەک هەرشیان بۆ سەر ئامانجەکانی حزبوڵای لوبنان لە چەند ناوچەیەکی باشوری بەیروت دەستپێکردووە.
ئەفیخای ئەدرعی وتەبێژی سەربازی ئیسرائیل لە لێدوانێکدا رایگەیاند، دەستمانکردووە بە هەرشکردنە سەر ئامانجەکانی حزبوڵا لە چەند ناوچەیەکی لوبنان.

لەلایەکی دیکەشەوە، میدیاکانی لوبنان باویانکردەوە، دو هەرشی ئاسمانی ئیسرائیل دو باڵەخانەی شارچکەی سەحمەر لە دژی بەقاعی ڕۆژاوای ڕۆژهەڵاتی لوبنانیان کردە ئامانج.
ئەو هەرشانەی ئیسرائیل دوای فەرمانی چوپێی فڕکە بۆفڕکەوانەکانی ئیسرائیل دێت لە دژی بەقاع، هەروەها هێزەکانی ئیسرائیل هۆشداریاندایە هاوڵاتیانی مەدەنی کە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن.
سوپای لوبنان پێنجشەممەی ڕابردو ڕایگەیاند، پلانەکەی بۆ سنوردارکردنی چەک لە دەوڵەتدا چوەتە قۆناغێکی پێشکەوتو، دوای ئەوەی ئامانجەکانی قۆناغی یەکەمی لە باشوری لوبنان بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێکردووە.

سوپای لوبنان کۆتایی ساڵی 2025ی وەک دوا وادەی جێبەجێکردنی پلانەکەی دیاریکردبو کە لە مانگی (ئاب/8)ی 2025 پەسەندکرابو، بۆ داماڵینی چەک لە حزبوڵای لوبنان لە باشوری لوبنان کە هاوسنورە لەگەڵ ئیسرائیل پێش ئەوەی بچێتە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکە.